وەزارەتی دەرەوە: لەدوانەکانی فیدان دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق

ئەمە چوارشەممە، وەزارەتی دەرەوە، جەختیکردەوە: لەدوانەکانی هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، سووکایەتیکردنە بە پێوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: "وەزارەتی دەرەوە، میوانداریی ئینیل بەرا ئینان باڵیۆزی تورکیای لە عێراق کرد لە بارەگای وەزارەت، ئەمەش لە پاشخان و کاردانەوەی ئەو لەدوانە نوێیانەی کە هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنییدا لەگەڵ کەناڵی (CNN)ی تورکی لە ٩ی شوباتی ٢٠٢٦ دابووی."

بەپێی بەیاننامەکە، محەمەد حسێن بەحرلعلوم بریکاری وەزارەت بە پێوەندییە دووقۆییەکان، نیگەرانیی عێراقی بەرامبەر ئەو لەدوانانە دەربڕیوە کە لە میدیاکان باوبوونەتەوە و جەختی کردەتەوە کە "ئەم لەدوانانە سووکایەتیکردنە بە پێوەندییە دەستانەکانی نێوان عێراق و تورکیا، و بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و تێپەڕاندنی عورفە دیپلۆماسییەکان هەژمار دەکرێن."

هەروەها باسی لەوە کردووە: "عێراق دەوڵەتی دامەزراوەکانە و خاوەن سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی دەستوورییە، و ناکرێت بەراورد بکرێت بە دەوڵەتانی تر کە خاوەن سیستمی سیاسی جیاوازن."

سەبارەت بە کاروباری ناوخۆش، بریکاری وەزارەت دووپاتیکردەوە: "دەسیەی شەنگال و تەواوی ناوچەکانی

تری عێراق پرسێکی نیشتمانیی پێتییە، و بەپێی ئۆلۆیێت و میکانیزمە نیشتمانییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت"، جەختیشیکردەوە: لە "ڕەتکردنەوەی هەر دەستوەردانێکی دەرەکی بە سەپاندنی چارەسەر یان بەکارهێنانی ئەم دەسیەیە بە کاریگەریی سیاسی و سەربازی."

لە لایەن خۆیەوە، باییزی تورکیا ڕایگەیاند: "لەدوانێکانی وەزیری دەرەوە بە شێوەیێکی ورد نەیەگەیەنراوە بەهێی وەرگێڕانێکی هەڵەوە"، ئاماژەی بەوەشکرد: "قسەکانی وەزیر پێیوەست بووە بە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) کە لە عێراقدا هەن، و پێیوەندی بە کاروباری ناوخۆی عێراق یان هاوڵاتیانی عێراقییەوە نییە."

دووپاتیشیکردەوە: "سیاسەتی وڵاتەکەی بەرامبەر عێراق جێگیرە، ڕەز لە سەروەرییەکەی دەگرێت و دەست لە کاروباری ناوخۆی وەرنادات."

لە کۆتایی دیدارەکەدا، باییزی تورکیا جەختی لە پەرەشیی حکومەتەکەی کردەوە بە پتەویی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، ئاماژەی بەوەشکرد: هەوەست و تێبینییەکانی عێراق دەگەیەنێتە سەرکردایەتی وڵاتەکەی، و گرنگیی پاراستنی پێیوەندییە دووقۆییەکانی دووپات کردەوە بە جەرەک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەردوو گەلی دراوسێ بکات.